## زانكۆی كەركوك – كۆلیجی پەروەردە
## دوكتور عبدالستار تاهر شەریف

مەسەلەیێكی توركمانی هەیە ئەڵێ :

باخ باخ ، كیم مەنە دییرێ گەواد ؟

ئەم مەسلە توركمانییەم لێرەدا هینایەوە ، كاتێ صدام حوسین بە سلیمان دەمرئیلی وت " دەمرئیل ماسونییە " دەمرئیلیش وتی ئەی صدام خۆی چییە؟

لە ساڵی ١٩٧٦ وەزیر گواستنەوە بووم لە حكومەتەكەی ئەحمەد حسن بەكر، لە سەردانێكم بۆ توركیا ، لەگەڵ ناهد مێنتەشە ، وەزیری گواستنەوەی توركیا لە حكومەتەكەی سلیمان دەمر ئێل ، دەربارەی ئیمزاكردنی پروتۆكۆلێكی گواستنەوەو گومرك ، بە ڕێكەوت ڕۆژی شەممە بوو ، ڕۆژی پشودان بوو لە توركیا ، ناهد مێنتەش ، وای بە باش زانی هەردووكمان پێكەوە سەردانی دەمرئێل بكەین ، كە چووینەماڵیان ، ماڵەكەی ، ئەپارتمانێكی زۆر بەسیت بوو نەك وەك كۆشكەكانی صدام حسین ، دوای ئەوەی گفتوگۆكەمان دەربارەی گومرك و رەسمی تێپەڕبوونی سەیارەكانی گواستنەوەی بار لە نێوان عیراق و توركیا كرد، سلیمان دەمرئێل پێمی وت : سەلامم بگەیێنە بە نائبی ئەنجومەنی شۆڕشی عیراق صدام حسین ، بەڵكو ڕازی ئەبێ لەسەر ڕاكێشانی غاز لە كەروكەوە بۆ ئەنقەرە ، ماوەێیكە لەگەڵی هەوڵ ئەدەین ، تا ئێستا ڕازی نییە غاز ڕاكێشین بۆ ئەنقەرەی پایتەخت ، بۆ گۆڕینی سیستەمی " تدفئە " كەواتە ڕاكیشانی گەرمی بۆ خانوبەرەو كۆشكەكان و دایەرەكانی ئەنقەرە كە تا ئێستا بە " سیستەمی خەڵوزی بەردی " شارەكە گەرم ئەكەینەوە ، ئەمەش بۆتە هۆی پیسبوونی هەوای شارەكە . نازانم بۆ صدام حسین ڕێگە نادا توركیا سوود لە گۆڕینی ئەم سیستەمە ببینێ ؟ لە كاتێكدا ئێمە لە توركیا ئەكەوینە ژێر دەسەڵاتی عێراقەوە ئەگەر غازەكەمان بۆ بنێرێ ، هەركاتێ غازەكەما لێببڕێ تووشی تەنگوچەڵەمە ئەبین، ئەمە جگە لە ڕووی مادداییەوە عیراق سوودێكی زۆر ئەبینێ . منیش بەڵێنم دا بە دەمرئێل، كە نامە زارییەكەی بگەیێنم بە صدام حسین ،

لە توركیا گەڕامەوە ، چاوم بە صدام حسین كەوت ، نامە زارییەكەی سلیمان دەمرئێلم پێی ڕاگەیاند ، لە وەڵامدا وتی ( تا دەمرئێل سەرەك وەزیر بێ ، من غاز نادەم بە توركیا ، خۆ ئەگەر لەو هەڵبژاردنەی كە ئەكرێ ، بلّند ئەجوید و حیزبەكەی سەر بكەوێ و حوكم بگرێتە دەست ، ئەوكاتە مانعم نامێنێ ، منیش وتم بۆ ؟ فەرقیان چییە ؟ صدام وتی دەمرئێل ماسۆنییە ، دژی نەتەوەی عەرەبە .

پێش ئەوەی هەڵبژاردنەكەی توركیا دەست پێ بكا ، صدام تەكلیفی لێمكرد دوو ملیون دۆلار بەرم بۆ بلّند ئەجوید و بەڵام وا دیاربوو صدام لەوە پەشیمان بووەوە،ئەو پارەیە بە ڕێگای منەوە بنێری بۆ ئەجوید ، ئەویش لەبەر ئەوەی من كورد بووم لەوانەیە ترسابێ مەسەلەكە ڕۆژی لە ڕۆژان من ئاشكرای بكەم . ئەوەبوو بڕی ئەو دوو ملیون دۆلارەی بە فتاح محمد ئەمینا نارد بۆ ئەجوید پێش

بەستنی کۆنگرێسی حزبەکەی حیزبی شعب ، ئەو کاتە فتاح ئەندامی قیادەی قوتری حیزبی بەعس بوو . ئەمەشم زانی دوای ئەوەی فتاح لە حیزب دەرکرا ، جارێکیان ئەمەی بۆم گێڕایەوە.

پێش ئەوەی سلیمان دەمرئێل لە هەڵبژاردنەکە بدۆڕێنێ ، لە چاوپێکوتنێکمدا لە گەڵی ، پێم وت :صدام حسین بۆیە ڕازی نییە غازەکە بۆ تورکیا بنێرێ ، لەبەر ئەوەی جەنابت سەرك وەزیرانی ، بەڵام پێمی وت ئەگەر ئەجوید بێتە سەر حوکم ، ئەو کاتە ڕازی ئەبم ، لەبەر ئەوەی سلیمان دەمرئێل ماسۆنییە ، ئەویش لە وەڵامدا وتی : ئەی صدام خۆی چییە ؟ بەبێ هیچ تەعلیقێکی تر.

ئەم قسەیەی صدام و وەڵامەکەی دەمرئێل ، مەسەلە تورکمانییەکەی هینایەوە یادم :

(باخ باخ کیم کیمە دییری ...گەواد ) ئەم مەسەلەیەش لەوەوە هاتووە ، گوایا ڕۆژێکیان کابراییك بە بازارا تێپەڕ ئەبێ ، یەکێك پێی ئەڵێ گەواد ، ئەو کابرایە خۆی گەواد بوو ... ئەمیش لە وەڵامدا ئەڵێ : باخ باخ کیم کیمە دییری گەواد .

دوور نەبوو هەردووکیان لە یەك پلەی بەرزی ماسۆنیەت نەبووبێتن .

بلێند ئەجوید هەتا ئەو ڕۆژەی وەك سەرك وەزیرانی تورکیا مایەوە ، بە هەموو جۆرێك پشتگیری لە ڕژێمەکەی صدام ئەگرت ، ئاشکراشە مەسەلەکە هەر مەسەلەی ئەو بەرتیلانە بوو کە ساڵانە صدام بۆی ئەنارد .

د. عبدالستار تاهر شەریف

٢٠٠٥\٣\٢٤

كك

م